پ١- پێناسەی ئەمانە بکە: ١- هەمووەکی ٢- هۆکارەکی ٣- عەقڵی ڕەها ٤- فەلسەفەی مێژووی ڕەخنەیی.

پ٢- بەراورد لەنێوان ئەفسانە و مێژوو بکە.

پ٣- توخمە سەرەکییەکانی مێژوو ژین بیانژمێرە و باسیان بکە.

پ٤- ئەو ڕەخنانە چین, کە ڕووبەڕووی بۆچوونەکانی شپنگلەر بووەتەوە لەبارەی لێکدانەوەی بۆ مێژوو؟

پ٥- بۆچوونی کۆلینگوود لەبارەی کاریگەری جوگرافیا لەسەر مرۆف و مێژوو ڕوون بکەوە.

پ٦- هۆکارەکانی ڕووخانی شارستانییەت لای ئیبن خەلدوون چین, بە کورتی باسیان بکە.

پ٧- ماددییەتی دیالێکتیکی مێژوویی چییە؟ بە کورتی لەبارەیەوە بنووسە.

پ٨- بەگوێرەی بۆچوونی هیگڵ نەتەوەکان چەندین قۆناغ دەبڕن تا بە هۆشیاری خودیی دەگەن و هەست بە ئازادی دەکەن, ئەم قۆناغانە چین بیاننووسە.

پ٩- تۆینبی باس لە چەند جۆرێک لە مەیدانخوازی و وەڵامدانەوە دەکات, بە کورتی لەم بارەیەوە بدوێ.

پ١٠- بۆچی ئیبن خەلدوون بە دامەزرێنەری فەلسەفەی مێژوو ئەژمار دەکرێت؟

پ١١- ڕەوتی مێژوو لای فیکۆ بەردەوام لە پەرەسەندن و پێشکەوتن دایە, ئەمە روون بکەوە.

پ١٢- باس لە گرنگترین ئەو رەخنانە بکە, کە رووبەرووی بۆچوونەکانی تۆماس کارلیل لەبارەی پاڵەوان کراوەتەوە.

پ١٣- پێنج لە سوودەکانی فەلسەفەی مێژوو بنووسە.

پ١٤- بە خاڵ بەراورد لەنێوان لێکدانەوەی ئیسلام و مەسیحییەت بۆ مێژوو بکە.

پ١٥- مەبەست چییە لە چەمکی سێینە؟ ئەم چەمکە چ کاریگەرییەکی لەسەر بۆچوونەکانی مەسیحییەت بۆ مێژوو هەیە؟